# قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە

پێشەکی(دیباجە):                                                                 و: باسط حەمە غەریب

گەلی عێراقی هەوڵدەربۆ بەدەستهێنانەوەی ئازادیی خۆی، کە رژێمی سەرکوتکەری پێشوو لێی زەوت کردبوو، ئەو گەلەی‌کە هەموو شێوازەکانی توندوتیژیی و زۆرەملێ رەت ئەکاتەوە، بەتایبەتی گەر وەك شێوازێکی دەسەلات بەکار بهێنرێت، بڕیاری داوە گەلێکی ئازاد بێت، دەسەڵاتی قانون بەرێوەی بەرێت.

ئەمرۆش رێزی خۆی بۆ قانونی نێودەوڵەتی دووپات ئەکاتەوە، بەتایبەت کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان؛ کار بۆ گێرانەوەی پێگەی شەرعیی خۆی‌ئەکات لەنێو نەتەوەکاندا و هاوکات هەوڵ ئەدات بۆپاراستنی یەکێتیی نیشتمانەکەی بەگیانێکی برایانە و یەکرێزییەوە,و بەمەبەستی رەنگرێژیی ئایندەی عێراقی نوێ, و دانانی میکانیزمێك کە یەکێك لەئامانجەکانی سرینەوەی شوێنەواری سیاسەت و رەفتارە رەگەزپەرستی و تایەفەگەرییەکان و چارەسەری کێشە قۆناغییەکان بێت.

بۆیە ئەم قانونە پەسەندکرا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری عێراق لەقۆناغی گواستنەوەدا تا پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو کەلەسایەی دەستورێکی هەمیشەییدا کاربکات بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیەتێکی تەواو.

## بەشی یەکەم
## بنەما سەرەکییەکان

**بابەتی یەکەم:**

(ا)-ناوی قانونەکە (قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە)یە، دەستەواژەی (ئەم قانونە) لەهەر شوێنێکی ئەم قانونەدا هاتبێت مانای (قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە)یە.

(ب)-هەر هێمایەك لەم قانونەدا بۆ (نێرینە)، (مێینە)ش ئەگرێتەوە.

(ج)-پێشەکی (دیباجە)ی ئەم قانونە بەشێکی دانەبڕاویەتی.

**بابەتی دووەم:**

(ا)-دەستەواژەی (قۆناغی گواستنەوە) واتە، قۆناغێك کە لە(30)ی حوزەیرانی (2004)ەوە دەست پێئەکات تا پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقیی هەڵبژێردراو بەپێی دەستورێکی هەمیشەیی بەگوێرەی ئەم قانونە ،و دوا کاتیش تا(31)ی کانونی دووەمی (2005)ە، تەنیا لەحاڵەتی جێبەجێکردنی بابەتی (61) نەبێت.

(ب)-قۆناغی گواستنەوە لەدوو ماوە پێك دێت:

1-ماوەی یەکەم بەپێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی عێراقی خاوەن سەروەریی تەواو دەست پێئەکات کەلە(30)ی حوزەیرانی (2004)ەوەدەسەلات وەرئەگرێت. ئەم حکومەتە بەپێی پرۆسەیەکی گفتوگۆی فراوان وبە راوێژ پێك ئەهێنرێت، کە ئەنجومەنی حوکم و دەسەڵاتی هاوپەیمانان ئەنجامی ئەدەن لەگەڵ سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵی عێراق، ئەتوانرێت لەم بارەیەوە راوێژ لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکانیش بکرێت. ئەو

حکومەتە بەپێی ئەم قانونە پەیڕەوی دەسەڵات ئەکات، بەهەموو ئەو پرنسیپ و مافە بنەڕەتییانەوەی لەم قانونەدا هاتوون و پاشکۆیەك کە بەر لەدەستپێکی قۆناغی گواستنەوە بەرێککەوتن دەرئەچێت و ئەبێتە بەشێکی دانەبڕاوی ئەم قانونە.

2-ماوەی دووەم پاش پێکهێنانی حکومەتی گواستنەوەی عێراق دەست پێئەکات،ئەویش دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی ئەم قانونە، ، بەمەرجێك ئەگەر کرا کاتی هەڵبژاردنەکە لە31ی کانونی یەکەمی 2004 تێپەڕ نەکات، ولەهەمووبارێکدا پێش31ی کانونی یەکەمی 2005 بێت.

قۆناغی دووەم بەپێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی بەپێی دەستوری هەمیشەیی کۆتایی دێت.

**بابەتی سێیەم:**

(ا)-ئەم قانونە بەقانونی باڵای وڵات دائەنرێت و بەبێ جیاوازی لەسەرتاسەری عێراقدا پەیرەوئەکرێت.ونابێت گۆڕانکاریی لەم قانونە دا بکرێت بەبێ‌ڕەزامەندیی زۆرینەی سێ لەسەر چواری ئەندامەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی, و بەگشتییدەنگی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ، هەروەك نابێت هیچ گۆڕانکارییەکی وای تێدا بکرێت، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان کەمکردنەوەی ئەو مافانەی گەلی عێراق بێت، کە لەبەشی دووەمی ئەم قانونەدا هاتوون، یان ماوەی قۆناغی گواستنەوە درێژبکاتەوە تا دوای ئەو ماوانەی لەم قانونەدا دەستنیشانکراون ، یان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نوێ دوابخات یان لەدەسەڵاتی هەرێم و پارێزگەکان کەم بکاتەوە, یا کاریگەریی هەبێت لەسەرئیسلام, یان ئایین و تایفەکانی تر وسروتەکانیان.

(ب)-هەر دەقێکی قانونی پێچەوانەی ئەم قانونە بێت هەڵئەوەشێتەوە.

(ج)- ئەم قانونە بە پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەپێی دەستووری هەمیشەیی،بەسەرئەچێت.

**بابەتی چوارەم:**

سیستەمی دەسەڵات لەعێراقدا کۆماریی، یەکگرتوو (فیدراڵی)، دیموکراسی فرەییە،و دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە هەرێمیەکان و پارێزگەکان و شارەوانی و بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەکاندا دابەش ئەکرێت،و سیستەمی فیدراڵییش لەسەر بناغەی ڕاستییە جوگرافی و مێژووییەکان و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەبێت نەك لەسەر بناغەی رەچەڵەك،ڕەگەز,ئەتنیکیی, نەتەوە ویان ئایینزا(مەزهەب).

**بابەتی پێنجەم:**

هێزەکانی چەکداری عێراق لەژێرفەرمانی سڤیلی(مەدەنیی) دەسەڵاتی کاتیی عێراقدا ئەبن، ئەویش بەپێی بەشی سێیەم و پێنجەمی ئەم قانونە.

**بابەتی شەشەم:**

دەسەڵاتی کاتیی عێراق هەنگاوی کاریگەر ئەنێت بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی سەرکوتکاریی ڕژێمی پێشوو، کە سەرئەنجامی ڕاگواستنی زۆرەملێ و لێسەندنەوەی رەگەزنامە و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی گوێزراوە و نەگوێزراوە ولەسەرکاردەرکردن بەهۆی سیاسی و رەگەزپەرستی و تایەفەگەری بوون.

## بابەتی حەوتەم:

(ا)-ئیسلام ئایینی فەرمیی(رەسمیی)وڵاتەو بەسەرچاوەیەکیقانون دانان دائەنرێت و نابێت لەقۆناغی گواستنەوەدا هیچ قانونێك دابنرێت، دژی ئەو چەسپاویانەی (ﺛ ﺍﺑ )ئیسلام بێت کەکۆدەنگییان لەسەرە، یان لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکان و ئەو مافانەی لەبەشی دووەمی ئەم قانونەدا هاتوون ناکۆك بێت،و ئەم قانونە رێزی ناسنامەی موسڵمانیی زۆرینەی گەلی عێراق ئەگرێت و تەواوی مافە ئایینییەکانی سەرجەم تاکەکان لەئازادی بیروباوەڕ و سروتی ئایینیدا مسۆگەرئەکات.

(ب)-عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و گەلی عەرەب تیایدا بەشێکی جیانەکراوەی نەتەوەی عەرەبە.

## بابەتی هەشتەم:

ئاڵا و سرود و دروشمی وڵات بەقانونێك دەستنیشان ئەکرێن.

## بابەتی نۆیەم:

زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمیی عێراقن، مافی عێراقییەکانیشە کە رۆڵەکانیان لەدەزگە فێرکارییەکانی حکومەتدا بەپێی پرنسیپە پەروەردەییەکان، بەزمانی دایك وەك تورکمانی و سریانی یان ئەرمەنی بخوێنن،یان بەهەرزمانێکی تر لەدامەزراوە فێرکارییە تایبەتییەکاندا. مەودای دەستەواژەی (زمانی فەرمیی) و چۆنیەتیپەیڕەو کردنی ئەم بڕگانە بە قانونێك دیاریئەکرێت وبریتیی ئەبێت لە:

1-دەرکردنی رۆژنامەی فەرمیی (الوقائع العراقیە) بەهەردوو زمان.

2-قسەکردن و یەکتر دواندن و دەربڕین لەبوارە فەرمییەکانی وەك ئەجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی وەزیران، دادگەکان و کۆنگرە فەرمییەکان بەهەرکام لەودوو زمانە.

3-دانان بەو بەڵگەنامە فەرمیی و نامانەی بەودوو زمانە نوسرابن ودەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بەهەردوو زمان.

4-کردنەوەی خوێندنگە بەهەردووزمانەکە بەپێی بنەما پەروەردەییەکان.

5-هەر بوارێکی تری پێویستیی بنەمای یەکسانیی وەك پارە، پاسپۆرت و پول.

6-دەزگە ودامەزراوە فیدراڵییەکان لەهەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکارئەهێنن.

## بەشی دووەم
## مافە بنچینەییەکان

**بابەتی دەیەم:**

وەك گوزارشت لەسەروەریی و ئیرادەی ئازادی گەلی عێراق، نوێنەرەکانی, پەیکەری حکومیی وڵاتی عێراق پێك ئەهێنن، وئەرکی حکومەتی کاتیی عێراق و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگەکان و شارەوانی و بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەکانە, رێز لەمافەکانی گەلی عێراق بگرن بەو مافانەشەوە کە لەم بەشەدا باس کراون.

**بابەتی یانزەیەم:**

(ا)-هەر کەسێ خاوەن رەگەزنامەی عێراقی بێت,بە هاووڵاتی عێراق ئەژمێردرێت و، هاووڵاتیی بوونیشی هەموو ئەو ماف و ئەرکانەی ئەداتێ کە لەم قانونەدان ، و هاووڵاتیی بوونەکەشی بنچینەی پەیوەندییەتی بە نیشتمان و وڵاتەوە.

(ب)-نابێت رەگەزنامەی عێراقی لەعێراقی بسەندرێتەوە ونابێت دووربخرێتەوە، جگە لەو هاووڵاتییانەی خاوەن رەگەزنامەی دووەمن و لەدادگەدا لەسەریان دەسەلمێنرێت کە لە داواکاریی رەگەزنامەدا ، زانیاریی بنەڕەتیی درۆیان داوە و بەو پێیە رەگەزنامەیان وەرگرتووە.

(ج)-عێراقیی مافی ئەوەی هەیە لەرەگەزنامەیەك زیاتری هەبێت،و هەر عێراقییەك بەهۆی وەرگرتنی رەگەزنامەیەکی ترەوە رەگەزنامە عێراقییەکەی لێسەندرابێتەوە بەعێراقی ئەژمێردرێت.

(د)-ئەوعێراقییەی بەهۆی سیاسیی, ئایینی, رەگەزیی یان تایەفەگەریی رەگەزنامەی لێسەندرابێتەوە، مافی ئەوەی هەیە وەریبگرێتەوە.

(ه)-بڕیاری ژمارە666ی ساڵی (1980)ی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش، پووچەڵ ئەکرێتەوەو هەر کەسێك بەو بڕیارە رەگەزنامەی لێسەندرابێتەوە عێراقییە.

(و)-ئەبێت ئەنجومەنی نیشتمانیی، قانونی گونجاولەگەڵ بڕگەکانی ئەم قانونەدا دەربکات سەبارەت بەرەگەزنامە و رەگەزنامە وەرگرتن.

(ز)-دادگەکان لەهەموو ئەو ناکۆکییانە ئەکۆڵنەوە، کەبەهۆی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تایبەت بەرەگەزنامە سەرهەڵئەدەن.

**بابەتی دوانزەیەم:**

هەموو عێراقییەکان لەمافەکانیاندا یەکسانن بەبێ رەچاوکردنی رەگەز, ڕا, باوەڕ, نەتەوە, ئایین,ئایینزا یان رەچەڵەك،وهەموان لەبەردەم قانوندا وەکیەکن، جیاکاریی دژی هاووڵاتیی عێراقی قەدەغەیە لەسەر بنچینەی رەگەزی, نەتەوەیی,ئایینی,یان رەچەڵەکی. ومافی ئاسایشی تاکە کەسیی و ژیان و ئازادییان هەیە، نابێت هیچ کەسێك لەژیان یان لەئازادیی بێبەش بکرێت، بەپێی قانون نەبێت، هەموانیش لەبەردەم قەزادا وەکیەکن.

**بابەتی سیانزەیەم:**

(ا)-ئازادییەکانی گشتی و تاکەکەسیی مسۆگەرن.

(ب)-مافی ئازادیی دەربڕین مسۆگەرە.

(ج)-مافیئازادیی کۆبوونەوەی ئاشتییانە، ئازادیی چوونە ناو کۆمەڵەکان مافێکی مسۆگەرکراوە، هەروەك بەپێی قانون مافی ئازادیی دروستکردنی سەندیکا و پارت و چوونەڕیزییانەوە ,مافێکی مسۆگەرکراوە.

(د)-عێراقیی مافی ئازادیی هاتووچۆی هەیە لەسەرتاسەری عێراقدا, ومافی ئازادیی چوونە دەرەوەی عێراق و گەڕانەوەی هەیە.

(ه)-عێراقیی مافی هەیە بەپێی قانون خۆپیشاندان ومانگرتنی ئاشتییانە ئەنجام بدات.

(و)-عێراقیی مافی ئازادیی بیر و ویژدان و باوەڕی ئایینی وپەیڕەوکردنی سروتەکانی هەیە،زۆرلێکردنی لەمبارەیەوە قەدەغەیە.

(ز)-کۆیلایەتی و بازرگانیی کۆیلە و کاری زۆرەملێ و خزمەتی بەزۆر (بێگاریی) قەدەغەیە.

(ح)- عێراقیی مافی تایبەتمەندیی ژیانی تایبەتیی خۆی هەیە.

**بابەتی چواردەیەم:**

هەر تاکێك مافی ئاسایش و خوێندن و چاودێری تەندروستی و دڵنیایی(الـ مان)ی کۆمەڵایەتی هەیە, وئەرکی وڵاتی عێراق و دەزگەحکومییەکانە، بەهەرێم و پارێزگەکان و شارەوانی و بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەکانەوە، کە بەپێی داهات ، و بە ڕەچاوکردنی پێویستیەکانی تری ژیان هەوڵ بدات بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی وهەلی کار بۆ گەل.

**بابەتی پانزەیەم:**

(ا)-هیچ بڕگەیەکی قانونی مەدەنی بۆ لەوەوپێش کاری پێناکرێت مەگەردەقێکی لەوبارەیەوە تێدابێت، تاوان و سزا تەنیا بە قانونێکی کارپێکراو لەکاتی روودانی تاواندا دیاری ئەکرێن.

(ب)-نابێت ڕێزی نشینگە(شوێنی نیشتەجێ) تایبەتەکان پێشێل بکرێت لەلایەن پۆلیس, لێکۆڵەر یان دامودەزگەکانی تری حکومەتەوە ، جا ئەو دەزگەیانە سەر بە حکومەتی فیدراڵی یان هەرێمەکان یان پارێزگەکان و شارەوانی و بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەکان بن,مەگەر دادوەر یان دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی قانونی کارپێکراو مۆڵەتی پشکنینی ئەو شوێنەی دابێت بەپێی زانیارییەك کە کەسێك دوای سوێند خواردن دابێتی و بشزانێت کە سوێندی درۆ توشی سزای ئەکات.لەوانەیەدۆخێکی تایبەت، کە دادگەیەکی پسپۆڕ بڕیاری لێبدات، بەهانەبێت بۆ پشکنینی بێمۆڵەت، بەلام نابێ شیکردنەوەی ئەو جۆرە دۆخە تایبەتە بەربلاو بکرێت, و لەکاتی پشکنینی بێمۆڵەتدا بەبێ ئەوەی دۆخێکی تایبەت لەئارادا بێت، ئەوا ئەو بەلگەونیشانانەی لەو پشکنینەدا ئەدۆزرێنەوە،پشتی پێنابەسترێت سەبارەت بە تۆمەتێکی تاوان, مەگەر دادگە بڕیار بدات کە

ئەوكەسەی پشكنینەكەی بێمۆڵەت ئەنجامداوە بەشێوەیەكی گونجاوو نیازپاكیی بڕوای وابووە كە پشكنینەكە قانونییە.

(ج)-هیچ كەسێك بەپێچەوانەی قانونەوە ناگیرێت یان دەستبەسەرناكرێت، و كەس بەهۆی باوەڕی سیاسی یان ئایینییەوە دەستبەسەرناكرێت.

(د)- مافی هەمووكەسێك مسۆگەرە لەدادگەیی دادپەروەرانەو ئاشكرا ولەدادگەیەكی سەربەخۆ و بێلایەندا جا دادگەی سڤیل بێت یان تاوان. ئەبێت ئاگاداریی پێشوەخت سەبارەت بەدادگەیی كردنەكەو بنەما قانونییەكەی بەبێ دواكەوتن بۆ تۆمەتباردابین بكرێت.

(ه)-تۆمەتبار بێتاوانە تا بەپێیقانون تاوانبار ئەكرێت.مافیشی هەیە كە پارێزەرێكی سەربەخۆو شارەزا بۆ خۆی بگرێت ، مافی هەیە قسەنەكات،و نابێت بەهیچ بیانوویەك زۆری لێبكرێت،بۆ قسە كردن. مافی ئەوەشی هەیە بەشداریی ئامادەكاریی بۆ داكۆكیلێكردنەكەی خۆیبكات،و شایەت بانگ بكات و، گفتوگۆیان لەگەڵ بكات یا داوا لەدادوەر بكات ئەو كارەی بۆ بكات، ئەبێت هەر كەسێك لەكاتی دەستگیركردنیدا ئەو مافانەی پێڕابگەێنرێت.

(و)-مافی دادگەییكردنێكی دادپەروەرانە وخێرا وئاشكرا مافێكی مسۆگەرە.

(ز)-هەركەسێك بەهۆی دەستبەسەركردن یا گرتن ئازادیی لێزەوتكرابێت ،مافیخۆیەتی پەنابەرێتە بەردادگە تا بەبێدواكەوتن لەقانونیی بوونی دەستبەسەركردنەكەی یان گرتنەكەی بكۆڵێتەوە،و ئەگەر ناقانونیی بوو ئازاد بكریت.

(ح)-نابێت تۆمەتبار دووبارە بەهەمان تۆمەت دادگەیی بكرێتەوە كە پێشتر لەسەریی دادگەیی كراوەو لێی بێبەریی بووە.

(ط)-نابێت كەسێكی سڤیل لەبەردەم دادگەی سەربازیدایدا دادگەیی بكرێت و، نابێت دادگەی تایبەت ونائاسایی دابمەزرێت.

(ی)-هەموو شێوەكانی ئەشكەنجەدان، چ جەستەیی یا دەروونیی و لەهەموو بارودۆخێكدا قەدەغەیە,ومامەڵەی توندوشكێنەر قەدەغەیە، هەر دانپیانانێك بەهەرهۆیەك بە زۆر وئەشكەنجە و هەڕەشە وەرگیرابێت، لەدادگەو هیچ بابەتێكی تاوانیی تردا بەبەڵگە وەرناگیرێت.

**بابەتی شانزەیەم:**

(ا)-موڵكی گشتیی ڕێزی هەیە،و پاراستنی, ئەركی هەموو هاوولاتییەكە.

(ب)- موڵكی تایبەت پارێزراوە،و رێ لەكەس ناگیرێت مامەڵە بە دارایی خۆیەوە بكات تەنیا لەسنووری قانوندا نەبێت,وموڵكیش لەكەس ناسەندرێت مەگەر بۆبەرژەوەندیی گشتی و بەپێی دۆخێك كەلەقانوندا هاتبێت،و بەپێی دەقی قانونەكە,بەمەرجێك بەشێوەیەكی دادپەروەرانەوخێرا قەرەبووی بدرێتەوە.

(ج)-هاوولاتی عێراقیی مافی تەواو وبێ قەیدومەرجی موڵكدارێتیی هەیە لەسەرتاسەری عێراقدا.

**بابەتی حەڤدەیەم:**

نابێت کەس چەکی هەبێت، چەك هەڵگرێت، یان بیکڕێت وبیفرۆشێت بەپێی مۆڵەتی قانونی نەبێت.

**بابەتی هەژدەیەم:**

باج و خەراج تەنیا بەپێیقانون ئەبێت.

**بابەتی نۆزدەیەم:**

نابێت پەنابەری سیاسی کە بەپێی قانونێکی کارپێکراو مافی پەنابەرێتی پێدراوە، تەسلیم بکرێتەوە،و نابێت بەزۆر بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو ولاّتەی لێوەی هەلاّتووە.

**بابەتی بیستەم:**

(ا)-هەر عێراقییەك ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەقانونی هەڵبژاردندا هاتوون، مافی خۆپالاّوتنی هەیە بۆ هەڵبژاردن,و دەنگدانی نهێنی لەهەڵبژاردنێکی ئازاد, کراوە, و دادپەروەرانە, کێبڕکێی و خولیدا.

(ب)-نابێت جیاکاریی دژی هیچ عێراقییەك بکرێت بۆمەبەستی دەنگدان لەهەڵبژاردندا لەسەر بنەمای رەگەز,ئایین,زمان,دارایی,و یان خوێندەواریی.

**بابەتی بیست و یەکەم:**

حکومەتی کاتیی عێراق یان حکومەت وبەڕێوەبەرێتی هەرێمەکان و پارێزگەکان و شارەوانی و بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەکان نابێت دەست وەردەنە مافی گەلی عێراق ، لە گەشەپێدانی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی,جا بەهاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی کۆمەڵی مەدەنی بێت یان بەهەرشێوازێکی تر.

**بابەتی بیست و دووەم:**

کاربەدەستی هەر دەزگەیەکی حکومی,جا لەحکومەتی فیدراڵی یان حکومەتی هەرێمەکان یان ئیدارەی پارێزگەکان و شارەوانی و بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەکان بێت، ئەگەر لەکاتی کارکردنیدا کەسێك یان کۆمەڵێکی لەو مافانە بێبەش کرد کە لەم قانونەدا یان لەهەر قانونێکی تری کارپێکراوی عێراقیدا هەن، ئەو کەسە یان کۆمەڵە مافیان هەیە سکالاّ لەسەرئەو کاربەدەستە تۆمار بکەن و داوای قەرەبووی ئەوزیانە بکەن کەلەئەنجامی ئەو بێبەش کردنە لێیان کەوتووە,و,بۆ چەسپاندنی ماف وگرتنەبەری هەر شێوازێکی قانونی تر. بەلاّم ئەگەر دادگە بڕیاریدا ئەو کاربەدەستە تاڕادەیەکی گونجاو بە نیازپاکی ڕەفتاری کردووە بەو باوەڕەی کەکارەکەی قانونی بووە ئەوا قەرەبووی ناکەوێتە سەر شان.

**بابەتی یست و سێیەم:**

نابێت ئەو مافانەی لێرەدا باس کراون وا سەیر بکرێن کە ئەمە هەموو مافەکانی ڕۆڵەکانی گەلی عێراقن، بەڵکو هەموو ئەو مافانەیان هەیە کە شایانی گەلێکی ئازادی خاوەن سەروەریی مرۆڤانەیە، بەو مافانەشەوەکە لەپەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەڵگەنامەکانی قانونی نێودەوڵەتیدا سەلمێندراون و عێراق ئیمزای کردوون یان ئەندامە تیایاندا،و هەر مافێکی تر کە بەپێی قانونی نێودەوڵەتی وڵاتان پابەندین، کەسانی ناعێراقیش لەناو عێراقدا هەموو ئەو مافە مرۆییانەیان هەیە کە لەگەڵ بارودۆخیاندا ناکۆك نییە بەو پێیەی هاووڵاتیی عێراق نین.

## بەشی سێیەم
## حکومەتی عێراقیی قۆناغی گواستنەوە

**بابەتی بیست و چوارەم:**

(ا)- حکومەتی عێراقی قۆناغی گواستنەوە کەلەم قانونەدا بەحکومەتی فیدراڵیش ناوی هاتووە،پێکدێت لەکۆمەڵەی نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی،و ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆك وەزیرانەوە و دەسەڵاتی دادوەریی.

(ب)-هەرسێ دەسەڵاتی قانوندانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەیەك جیان و سەربەخۆیی خۆیان هەیە.

(ج)-هیچ کاربەدەست و فەرمانبەرێکی حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق پارێزراو(حـ انة)ی نییە بۆ تاوانێك کە لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیدا ئەنجامی بدات.

**بابەتی بیست و پێنجەم:**

حکومەتی گواستنەوەی عێراق تەنیا تایبەتمەندە بەم کاروبارانە:

(ا)-داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیپلۆماتیك،و دانوستاندن لەبارەی پەیماننامە و ڕێککەوتنەکان وبەستن و ئیمزاکردنیان. وداڕشتنی سیاسەتی ئابوریی و بازرگانیی دەرەوە و سیاسەتەکانی قەرزکردنی (سەروەرییانە).

(ب)-داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیی، بە پێکهێنانی هێزی چەکدار وبەردەوامیی پێدانی بۆمسۆگەرکردن و پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی سنوورەکانی وڵات و بەرگریی لەعێراق.

(ج)-داڕشتنی سیاسەتی دارایی‌و دەرکردنی دراو، و ڕێکخستنی گومرگ و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانیی لەسنووری هەرێم و پارێزگەکانی عێراقدا، و دانانی بودجەی گشتیی دەوڵەت و داڕشتنی سیاسەتی دراویی و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی.

(د)-ڕێکخستنی کاروباری پێوانە و کێش و داڕشتنی سیاسەتێکی گشتیی بۆ کرێ.

(هـ)-سەرپەرشتیی کردنی سامانە سروشتییەکانی عێراق کە هی سەرجەم ڕۆڵەکانی هەرێم وپارێزگاکانی عێراقە بەڕاوێژ لەگەڵ حکومەت و بەڕێوەبەرێتیی ئەو هەرێم و پارێزگەیانە. داهاتی بەدەستهێنراو لەم

سامانە لەرێگەی بودجەی گشتییەوە وبەشێوەیەکی دادوەرانەی وا دابەش ئەکرێت,کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرتاسەری وڵاتدا، و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ناوچانەی لەسەردەمی رژێمی پێشودا بەشێوەیەکی بێویژدانانە لێی بێبەش کرا بوون، وچارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوازێکی باش و رەچاوکردنی پێداویستییەکانیان و ئاستی گەشەکردن لەناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا.

(و)-رێکخستنی کاروباری رەگەزنامەی عێراقی و کۆچ و پەنابەریی.

(ز)-رێکخستنی سیاسەتی پەیوەندیکردن.

## بابەتی بیست و شەشەم:

(ا)-ئەو قانونانەی لەعێراقدا لە(30ی حوزەیرانی 2004) دا کارپێکراون ,کاریان پێئەکرێت، مەگەر ئەم قانونە دەقێکی پێچەوانەی ئەوەی تیابێت و تا ئەو کاتەی حکومەتی گواستنەوەی عێراق بەپێی ئەم قانونەهەڵیانئەوەشێنێتەوە یان دەستکارییان ئەکات.

(ب)-ئەو قانونانەی لەدەسەڵاتی قانوندانانی فیدراڵییەوە دەرئەچن لە سەروو هەرقانونێکەوەن کە لەلایەن هەر دەسەڵاتێکی قانوندانانی ترەوە دەربچن, ئەگەر لەگەڵ یەك ناکۆك بوون, بێجگە لەوەی لە دەقی بابەتی 54(ب)ی ئەم قانونەدا هاتووە.

(ج)- ئەو قانون وسیستم و فەرمان و رێنماییانەی لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە دەرچوون بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە بەپێی قانونی نێودەوڵەتی, کارپێکراون تائەو کاتەی بەقانونێك, کە بەپێی بنەماکان دەرئەچێت وهێزی قانونی ئەبێت,هەڵئەوەشێنرێنەوە یان دەستکاریی ئەکرێن.

## بابەتی بیست و حەوتەم:

(ا)- هێزی چەکداری عێراق پێکدێت لەئەندامانی ئەویەکانەی لەکاردان و یەکەکانی یەدەگ, ئامانجی ئەم هێزانەش بەرگریکردنە لە عێراق.

(ب)- نابێت هیچ هێزێکی سەربازی و میلیشیا پێکبهێنرێت کە راستەوخۆ لەژێر فەرمانی فەرماندەیی حکومەتی گواستنەوەی عێراقدا نەبێت, تەنیا بەپێی قانونێکی فیدراڵی نەبێت.

(ج)- هێزە چەکدارەکانی عێراق و ئەندامەکانی, بەو کەسایەتییە سەربازیانەشەوە کەلە وەزارەتی بەرگری یان هەر فەرمانگەو دەزگایەکی سەر بەهێزە چەکدارەکان کارئەکەن, بۆیان نییە لە هەڵبژاردندا خۆیان کاندید بکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سیاسی, ناتوانن بەشداریی هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن بکەن لەبەرژەوەندی کاندیدەکان, و ناشتوانن بەشداری هەر کارێك بکەن کە سیستمەکانی وەزارەتی بەرگری قەدەغەی کردوون. ئەم قەدەغەیە ئەو کەسانەی پێشتر ناویان هاتووە ئەگرێتەوە, جا چ وەك کەسایەتیی خۆیان یان وەك پۆستەکەیان ئەو چالاکیانە ئەنجام بدەن.و لەم بابەتەدا هیچ رێگرییەك نییە بۆ مافی دەنگدانی ئەو کەسانە لە هەڵبژاردنەکاندا.

(د)-فەرمانگەی هەواڵگریی عێراق زانیاریی کۆئەکاتەوەو ئەو هەڕەشانە هەڵئەسەنگێنێت کە ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشتمانی ئەبنەوەو, راوێژی حکومەتی عێراق ئەکات, ئەم فەرمانگەیە لەژێر کۆنترۆڵی مەدەنی و چاودێریی دەستەی قانوندانانندا ئەبێت و بەپێی قانون و بنەما دانپیانراوەکانی مافی مرۆڤ کارئەکات.

(ھ)- حکومەتی گواستنەوەی عێراق رێز ئەگرێت لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی عێراقی تایبەت بە قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەو پەرەپێدان و بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایەلۆژی, و جێبەجێیان ئەکات,لەگەڵ قەدەغە کردنی هەموو ئەو کەرەستەو بابەت وئامرازە تەکنەلۆژی و سیستمی گەیاندنانەی پەیوەندییان بە گەشەپێدان و دروستکردن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەو چەکانەوە هەیە .

## بابەتی بیست و هەشتەم:

(أ)- ئەندامانی نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران بەسەرۆك وەزیرانیشەوە, ودادوەری دادگەکان, نابێت لەهیچ پۆستێکی تری ناو حکومەت یان دەرەوەیدا دابمەزرێن. هەر ئەندامێکی کۆمەڵەی نیشتمانی کەببێتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یان ئەنجومەنی وەزیران,ئەبێت لە ئەندامێتی ئەنجومەن بکێشێتەوە.

(ب)- بەهیچ شێوەیەك نابێت کەسانی سەر بە هێزە چەکدارەکان ببن بەئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی, وەزیر یا سەرۆك وەزیران ویان ئەندام لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا, پێش تێپەڕبوونی 18مانگ بەسەر دەست لەکارکێشانەوەی لەهێزە چەکدارەکان یان خانەنشین کردنی.

## بابەتی بیست و نۆیەم:

هەرکاتێك حکومەتی کاتیی عێراق, بەپێی برگەی (ب-1) لە (بابەتی دووەمی سەرەوە) دەسەڵاتی تەواوی وەرگرت, دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان هەڵئەوەشێتەوەو کاری ئەنجومەنیحوکم کۆتایی دێت.

# بەشی چوارەم
# دەسەڵاتی قانوندانانی گواستنەوە

## بابەتی سییەم:

(أ)- دەوڵەتی عێراق لەقۆناغی گواستنەوەدا دەسەڵاتێکی قانوندانانی دەبێت بەناوی کۆمەڵەی نیشتمانی,و ئەرکی سەرەکی قانوندانان وچاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

(ب)- قانونەکان بەناوی گەلی عێراقەوە دەرئەچن,و هەموو قانون و سیستم و ڕێنماییەکانی پەیوەست لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاو ئەکرێنەوەو لەرۆژی بڵاوکردنەوەیانەوە کاریان پێئەکرێت, ئەگەر دەقێکی پێچەوانەی ئەوەی تێدا نەبێت.

(ج)- کۆمەڵەی نیشتمانی بەپێی قانونی هەڵبژاردن و قانونی پارتە سیاسییەکان هەڵئەبژێردرێت,و ئامانجی قانونی هەڵبژاردن بەدیهێنانی ڕێژەیەکی نوێنەرایەتییە بۆژنان کە لە چواریەکی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی کەمتر نەبێت, وبەدیهێنانی نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانە بۆ سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەی عێراق, بە تورکمان و کلدۆئاشوریی و ئەوانی ترەوە.

(د)- ئەگەر کرا هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی پێش (31ی کانونی یەکەمی 2004) ئەنجام ئەدرێت, ئەگەرنا لە (31یکانونی دووەمی 2005) تێنەپەڕێت.

**بابەتی سی و یەکەم:**

(أ)- کۆمەڵەی نیشتمانی لە (275) ئەندام پێکدێت و قانونێك دائەنێت بۆ گۆڕینی ئەندامەکانی لەکاتی دەست لەکارکێشانەوە یان لەکارخستن یامردنیاندا.

(ب)- پێویستە کاندیدی کۆمەڵەی نیشتمانی ئەم مەرجانەی تێدابێت:

1. عێراقی بێت و تەمەنی لە (30) ساڵ کەمتر نەبێت.

2.ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاو نەبووبێت بەپلەی ئەندام فیرقە یان بەرزتر, مەگەر بپێی بنەما قانونییەکان هەڵاوێردرێت.

3. ئەگەر پێشتر ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاو بووبێت بەپلەی ئەندامی کارگێڕ ئەبێت پاکانەیەك لە حزبی بەعس بنووسێت و, پاکانە لە هەموو ئەو پەیوەندیانەی پێشووی بکات,پێشئەوەی مافی خۆ کاندیدکردنی هەبێت, سوێندیش بخوات کە مامەڵە و پەیوەندی بەرێکخراوەکانی حزبی بەعسەوە ناکات,و ئەگەر لە دادگەدا سەلمێنرا کە لەم بارەیەوە درۆ و فێڵی کردووە, کورسییەکەی لە کۆمەڵەی نیشتمانی لەدەست ئەدات.

4. نابێت ئەندامی دەزگا سەرکوتکەرەکانی پێشوو بووبێت,یان لەوانەی دەستیان هەبووە یان بەشدارییان کردووە لە چەوساندنەوەی هاووڵاتیاندا.

5. بەشێوەیەکی ناڕەوا دەوڵەمەند نەبووبێت لەسەر سامانی نیشتمان و دارایی گشتیی.

6. بە تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت,و ناوبانگی باش بێت.

7. لانیکەم بڕوانامەی دواناوەندی یان بەرامبەرەکەی هەبێت.

8. نابێت لەکاتی خۆکاندیدکردندا ئەندامی هێزە چەکدارەکان بێت.

**بابەتی سی و دووەم:**

(ا)- کۆمەڵەی نیشتمانی پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ خۆی دائەنێت و دانیشتنەکانی ئاشکرا ئەبن,مەگەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بارودۆخەکە وا نەخوازێت. وبەتەمەنترین ئەندام, سەرۆکایەتی یەکەم دانیشتنی ئەنجومەن ئەکات.

(ب)- کۆمەڵەی نیشتمانی لەناو ئەندامەکانیدا، سەرۆك و دووجێگری سەرۆك بۆخۆی هەڵئەبژێرێت، ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت ئەبێتە سەرۆك. جێگری یەکەمیش دوای سەرۆك دێت بەژمارەی دەنگەکان و، جێگری دووەم بەدوای یەکەمدا دێت بەژمارەی دەنگەکان. سەرۆك بۆی هەیەلەسەر هەرپرسێك دەنگ بدات، بەڵام بەشداریی گفتوگۆکان ناکات، لەکاتێکدا نەبێت کە بە شێوەیەکی کاتیی دەستبەرداریی سەرۆکایەتی دانیشتنەکەبێت،راستەوخۆ پێش قسەکردن لەسەر بابەتەکە.

(ج)- پرۆژەی قانونی کۆمەڵەی نیشتمانی ناخرێتە دەنگدانەوە تا دووجار لەدانیشتنی ئاسایی ئەنجومەندا نەخوێندرێتەوە،بەمەرجێك نێوانیدوو خوێندنەوەکە لانی کەم دوو رۆژ بێت،وئەویش دوای ئەوەی پرۆژەی قانونەکە لانی کەم چوار رۆژ پێش دانیشتنی دەنگدان ئەخرێتە کارنامەی دانیشتنەکەوە.

## بابەتی سیوسێیەم:

(ا)- کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی ئاشکرا ئەبن و کۆنووسی کۆبوونەوەکان تۆمارو بلاوئەکرێنەوە،و دەنگدانی هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی تۆمارئەکرێت ورائەگەیەنرێت.و بڕیارەکان لەکۆمەڵەی نیشتمانیدا بەزۆرینەی سادە ئەدرێن مەگەر دەقی ئەو قانونەشتێکی تر بڵێت.

(ب)- پێویستە کۆمەڵەی نیشتمانی لە پرۆژەی ئەوقانونانە بکۆڵێتەوە،کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیازئەکرێن، بەپرۆژەکانی قانونی بودجەشەوە.

(ج)- تەنیا ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پرۆژەی بودجەی گشتیی پێشکەش بکات، ئەنجومەنی نیشتمانیش ئەتوانێت جێگۆڕکێ بە بابەتەکانی بودجەکە بکات و سەرجەم بڕە پارەکانی بودجەی گشتی کەم بکاتەوە،و ئەشتوانێت لەکاتی پێویستدا پێشنیاز بۆئەنجومەنی وەزیران بکات بۆزیادکردنی خەرجییەکان.

(د)- ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی بەپێی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەی کۆمەڵە دایئەنێت مافیان هەیە پرۆژەکانی قانون پێشنیاز بکەن.

(ه)- نابێت هێزەکانی چەکداری عێراق بنێردرێنە دەرەوەی عێراق، تەنانەت ئەگەر بۆ بەرگریکردنیش بێت لەبەرامبەر دەستدرێژیی دەرەکیدا،تەنیا بەرەزامەندی کۆمەڵەی نیشتمانی و لەسەرداوای ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەبێت.

(و)- تەنیا کۆمەڵەی نیشتمانی دەسەلاتی بەستنی پەیماننامەو رێککەوتنامەی نێودەوڵەتیی هەیە.

(ز)- ئەوچاودێرییەی کۆمەڵەی نیشتمانی و کۆمیتەکانی ئەنجامی ئەدەن، مافی لێپرسینەوەی کاربەدەستەکانی جێبەجێکردنیش ئەگرێتەوە، بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك وەزیران وهەر کاربەدەستێکی پلەنزمتری دەسەلاتی جێبەجێکردن، وئەم مافە لێکۆڵینەوەوداواکردنی زانیاریی و فەرماندان بۆئامادەبوونی کەسەکان بۆ بەردەم کۆمەڵە ئەگرێتەوە.

## بابەتی سیوچوارەم:

ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی پارێزراوە(حصانەی هەیە) لەهەر قسەیەك کە لەدانیشتنەکانی کۆمەڵەدا بیکات, ئەندامەکە لەسەر ئەو قسانە رووبەڕووی دادگە ناکرێتـەوە, ونابێـت ئەنـدامی کۆمەڵـە لـەکاتی دانیشـتنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانیدا دەستگیر بکرێت,تەنیا ئەگەر تۆمەتباربێت بە تاوانێك و کۆمەڵەی نیشتمانی بڕیار بدات کە ئەو پارێزراویی(حصانە)یەی لەسەر لابەرێت یان ئەو ئەندامە بەسەر تاوانێکەوە بگیرێت.

## بەشی پێنجەم
## دەسەڵاتی جێبەجێکردنی قۆناغی گواستنەوە

**بابەتی سی وپێنجەم:**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە قۆناغی گواستنەوەدا پێکدێت لەئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکەکەی.

**بابەتی سیوشەشەم:**

(أ)- کۆمەڵەی نیشـتمانی سـەرۆکێك بـۆ وڵات و دوو جێگـری بـۆ هەڵئەبـژێرێت کـە ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی پێکئـەهێنن, ئەرکەکـەی نوێنەرایـەتی سـەروەریی عێـراق و سەرپەرشـتی کاروباریبـاڵای وڵاتـە, ئەنجومـەنی سەرۆکایەتی بەیەك لیست و بە زۆرینەی دوولەسەرسێی دەنگی ئەندامان هەڵئەبژێرێت.و کۆمەڵەی نیشتمانی دەسەڵاتی هەیە بە زۆرینەی سێ لەسەرچواری دەنگی ئەندامەکانی,هەر ئەندامێکی ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی لەسەرکارلابدات لەبەر بێ توانایی یاناپاکیی.لەحاڵەتی بوونی بۆشایی لە سـەرۆکایەتیدا ئەنـدامانی کۆمەڵـەی نیشتمانی بەرێژەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی جێگرەوەیەك هەڵئەبژێرن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە.

(ب)- پێویستە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەمان ئەو مەرجانەیان تیا بێت کە تایبەتە بەئەنـدامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی لەگەڵ تێبینی کردنی:

1.لانی کەم تەمەنیان چل ساڵ بێت.

2.خاوەنی ناوبانگی چاك و رەوشتی بەرز و سەرراست بن.

3.بەر لە رووخانی رژێم بەدەساڵ, ریزەکانی پـارتی لەناوچووی جێهێشـتبێت,ئەگەرئەنـدامی پـارتی بەعسـی هەڵوەشاو بووبێت.

4. بەشداریی نەکردبێت لەسەرکوتکردنی راپەڕینی ساڵی 1991 و ئەنفالدا و تاوانی دژی گەلی عێراق ئەنجام نەدابێت.

(ج)- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بڕیارەکانی بە گشتیی دەنگ ئـەدات,و نابێـت هـیچ ئەنـدامێك, نوێنـەر لـەجێی خۆی دابنێت.

**بابەتی سیوحەوتەم:**

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەتوانێت تانە لە هەر قانونێك بدات کە کۆمەڵەی نیشتمانی دەریئەکات, بەمەرجێك لەماوەی پانزە رۆژدا, لەو رۆژەی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی ئەو قانونە بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی رائەگەیێنێت,ئەم کارە بکات.ولەوکاتەشدا قانونەکە ئەنێردرێتەوە بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی و کۆمەڵە ئەتوانێت لەماوەیەکدا کە لە سی رۆژ تێپەڕ نەکات قانونەکە پەسەند بکات بەدوو لەسەر سێی دەنگەکان, کە ئەمجارەیان بواری تانە لێدانی نییە.

## بابەتی سیوهەشتەم:

(أ)- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەگشتیی دەنگ سەرۆك وەزیران دەستنیشان ئەکات و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەر راسپاردەی سەرۆك وەزیران,دەستنیشان ئەکات.دوای ئەوە سەرۆك وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران هەوڵئەدەن تادەنگی زۆرینەی رەهای کۆمەڵەی نیشتمانی بەدەستبێنن بەرلەوەی وەك حکومەت دەست بەکاربن.ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەتوانێت لەماوەی دوو هەفتەدا لەسەر کاندیدێکی پۆستی سەرۆك وەزیران رێکەوێت, وئەگەرشکستی هێنا ئەوا ئەرکی دەستنیشانکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران ئەکەوێتە سەرشانی کۆمەڵەی نیشتمانی. کە ئەبێت بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان دەستنیشانی بکات. ئەگەر سەرۆك وەزیرانیش لەماوەی مانگێکدا نەیتوانی ئەنجومەنی وەزیران کاندید بکات, ئەنجومەنی سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانێکی تر دەستنیشان ئەکات.

(ب)- ئەبێت سەرۆك وەزیران هەمان ئەو تواناییانەی هەبێت کە پێویستە لەئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا هەبێت,وجگە لەوەی کە نابێت لەکاتی وەرگرتنی پۆستەکەیدا تەمەنی لەسیوپێنج ساڵ کەمتربێت.

## بابەتی سیونۆیەم:

(أ)- ئەنجومەنی وەزیران بە رەزامەندیی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی, نوێنەردەستنیشان ئەکات بە مەبەستی دانوستاندن لەسەر بەستنی پەیماننامەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.و ئەنجومەنی سەرۆکایەتیش کۆمەڵەی نیشتمانی رائەسپێرێت بۆدانانی قانونێك بۆ پەسەندکردنی ئەو پەیماننامەو رێکەوتننامانە.

(ب)- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی تەنیا بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان ئەرکی فەرماندەیی باڵای هێزەکانی چەکداری عێراقئەنجام ئەدات,و دەسەڵاتی فەرماندەیی نییەو مافی ئاگاداربوون , پرسیارکردن و راوێژدانی هەیە, فەرماندەیی بەکردەوە لەکاروباری سەربازیی لەچالاکیدا , لەدەست سەرۆك وزیران, ئینجا وەزیری بەرگری و پاشان زنجیرەی فەرماندەیی سەربازیی هێزە چەکدارەکانی عێراقدا ئەبێت.

(ج)- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەك لەبەشی شەشەمدا هاتووە, لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی, سەرۆكو ئەندامانی دادگەی باڵا دائەمەزرێنێت.

(د)- ئەنجومەنی وەزیران بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەواڵگریی گشتیو گەورە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەپلەی عەمید و سەرووتر دائەمەزرێنێت, دامەزراندنانە ئەبێت کۆمەڵەی نیشتیمانی بەزۆرینەی سادەی ئەندامانی ئامادەبووی ئەم دامەزراندنانە پەسەند بکات.

**بابەتی چلەم:**

(ا)-سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان بەرپرسیارن لەبەردەم کۆمەڵەی نیشتیمانیدا و کۆمەڵەش مافی ئەوەی هەیە متمانە وەربگرێتەوە لەسەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان بەتاك یان کۆمەڵ. لەکاتێکیشدا کە متمانە لە سەرۆك وەزیران وەرگیرایەوە, هەموو وەزارەتەکە هەڵئەوەشێتەوە و کار بە بڕگەی(ب)ی بابەتی(40) ئەکرێت.

(ب)- ئەگەر متمانەنەدرا هەموو ئەنجومەنی وەزیران, سەرۆك وەزیرانو وەزیرەکان لەپۆستەکانی خۆیاندا ئەمێننەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان بۆ ماوەیەك کە لە(30)ڕۆژ تێنەپەڕێت تا ئەنجومەنێکی نوێی وەزیران بەگوێرەی بابەتی(38)ی پێشوو پێکئەهێنرێت.

**بابەتی چل ویەکەم:**

سەرۆك وەزیران بەرپرسیارێتی ڕۆژانەی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت جێبەجێئەکات, ئەتوانێت بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵەی نیشتیمانی وەزیرەکان لەکار بخات.و ئەنجومەنی سەرۆکایەتیش ئەتوانێت لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی سەرراستیی گشتیی, وپاش ڕەچاو کردنی ڕێوشوێنە قانونییەکان, ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆك وەزیرانیشەوە لەکاربخات.

**بابەتی چل ودووەم:**

ئەنجومەنی وەزیران, پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆکارەکانی دائەنێت وسیستەم و ڕێنمایی پێویست بۆ بەجێهێنانی قانونەکان دائەنێت,ئەشتوانێت پێشنیازی پرۆژەی قانون بۆکۆمەڵەی نیشتمانیبکات. هەروەزارەتێکیش ئەتوانێت بەپێی پسپۆڕی خۆی بریکاری وەزیروباڵیۆزوکارمەندانی تری پلەتایبەتەکان کاندید بکات,و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لەسەریان, بۆئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەرزئەکرێتەوەبۆ پەسەند کردنیان, هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەزۆرینەیسادە ئامادەبوان ئەدرێن.

**بەشی شەشەم**

**دەستەلاتیدادەوەریی فیدراڵیی**

**بابەتی چل وسێیەم:**

(ا)-,قەزا سەربەخۆیە بەهیچ شێوەیەك لەلایەن دەسەلآتی جێبەجێكردنەوە بەڕێوەنابرێت,بە وەزارەتی دادیشەوە, تەنیا قەزا دەسەلآتی تەواوی بڕیاردانی هەیە لەسەر بێتاوانیی یا تاوانباریی تۆمەتبار بەپێی قانون و بێ دەستێوەردانی هەردوو دەسەلآتی قانوندانان و جێبەجێكردن.

(ب)- ئەو قازییانەی لەكاردان, لەیەكی تەمموزی(2004)دا لەپۆستەكانیاندا ئەمێننەوە مەگەر بەپێی ئەم قانونە دەستبەرداریان بن.

(ج)- كۆمەڵەی نیشتیمانی بودجەیەكی سەربەخۆ و تەواو بۆ قەزا دائەنێت.

(د)- دادگە فیدراڵییەكان لەسەر ئەو مەسەلانە كارئەكەن,كە لەئەنجامی جێبەجێكردنی قانونەكانی فیدراڵیدا دێنە پێش.و دامەزراندنی ئەو دادگەیانە,تەنیا تایبەتە بەحكومەتی فیدڕاڵیی.و دامەزراندنی ئەو دادگەیانە لەهەرێمەكاندا بەڕاوێژ ئەبێت لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری لەهەرێمەكان وبۆ دامەزراندنو گواستنەوەی قازی بۆ ئەودادگەیانە ئەو قازیانە لەپێشترن, كە نیشتەجێی ئەو هەرێمەن.

## بابەتی چلوچوارەم:

(ا)- بەپێی قانون دادگەیەك لە عێراق دادەمەزرێت و ناوئەنرێت دادگەی بالآی فیدراڵی.

(ب)- پسپۆڕییەكانی دادگەی بالآی فیدراڵی:

1. سكالآكانی نێوان حكومەتی گواستنەوەی عێراقو حكومەتی هەرێمەكانو بەڕێوەبەرێتی پارێزگەو شارەوانیو بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەكان.

2. پسپۆڕیی سەرەكی وبنەڕەتی ئەم دادگەیەیە, كاتێك سكالآیەك لەلایەن داواكارێك ئەكرێت, یان لەدادگەیەكی ترەو رەوانەئەكرێت, بەوەی كە قانون یا سیستەم یا ڕێنماییەك كەلەلایەن حكومەتی فیدراڵی یا حكومەتی هەرێمەكان یا بەڕێوەبەرێتیی پارێزگەكانو شارەوانیەكانو بەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەكان دەرچووە,كەلەگەڵ ئەم قانونەدا ناگونجێت.

3. دەسەلآتی تێهەڵچوونەوەی خەملآندنی دادگەی بالآی فیدراڵی بەقانونێكی فیدراڵی دیاریی ئەكرێت.

(ج)- ئەگەر دادگەی بالآی فیدراڵی بڕیاریدا كە قانون یا سیستەم یان ڕێنمایی ویا بڕیارێك كەتانەی لێدرا بەوەی لەگەڵ ئەم قانونەناگونجێت,بە هەڵوەشاوە دائەنرێت.

(د)- دادگەی بالآی فیدراڵی پەیرەوێك دائەنێت وبلآوی ئەكاتەوە سەبارەت بەڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرزكردنەوەی سكالآ و ڕێگەدان بە پارێزەران بۆ مورافەعە كردن لەبەردەمیدا و بەزۆرینەی سادەی ئەندامانیش بڕیارەكان ئەدات, جگە لەو بڕیارانەی تایبەتن بەو سكالآیانەی كەلە بڕگەی (ب-1)ی بابەتی(چلوچوارەم)دا هاتووە, كەئەبێت بە دوولەسەر سێی دەنگەكان بێت و بڕیارەكانیشی پابەندانەن و دادگەكە دەسەلآتی تەواوی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی خۆی هەیە, بە بانگكردنی هەر كەسێكیشەوە بۆ بەردەم دادگەكە بە هۆی سوكایەتیكردن بە دادگەكە,گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست لەم بارەیەوە .

(ه)- دادگەی بالآی فیدراڵی لە نۆئەندام پێكدێت.ئەنجومەنی بالآی قەزا بەشێوەیەكی سەرەتایی بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی قەزائیی هەرێمەكان لانی كەم هەژدە تا بیستوحەوت كەس كاندید ئەكات بۆ پڕ كردنەوەی

بۆشایی پۆستەکانی دادگەی باڵا, پاشتریش بۆ هەربۆشاییەك كە بەهۆی مردن یان دەست لەكاركێشانەوە یا لە كارخستن دروست ببێت, سێ ئەندام كاندید ئەكات.و ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ئەندامانی ئەم دادگەیە دائەمەزرێنێتو یەكێكیان ئەكات بەسەرۆكی دادگەكە.ولەكاتی ڕەتكردنەوەی هەركام لەو دامەزراندنانە ئەوا ئەنجومەنی باڵای قەزا سێ كەسی تر كاندید ئەكات.

## بابەتی چلوپێنجەم:

ئەنجومەنێكی باڵای قەزا پێكئەهێنرێتو ئەركی ئەنجومەنی قازییەكان ئەبینێت. وئەم ئەنجومەنە باڵایە سەرپەرشتی قەزای فیدراڵی ئەكاتو بودجەی ئەنجومەن بەڕێوەئەبات, ئەم ئەنجومەنە لەسەرۆكی دادگەی باڵای فیدراڵی,و سەرۆكو جێگرانی دادگەی تەمیزی فیدراڵیو سەرۆكی دادگەكانی تێهەڵچوونەوەی فیدراڵیو سەرۆكی گشت دادگەكانی پیاچوونەوەی هەرێمەكان وهەردوو جێگرەكانیان پێكدێت.سەرۆكی دادگەی باڵای فیدراڵی, سەرۆكایەتی ئەنجومەنی باڵای قەزا ئەكاتو لەكاتی ئامادەنەبوونیدا سەرۆكی دادگەی پیاچوونەوەی فیدراڵی سەرۆكایەتی ئەنجومەنەكە ئەكات.

## بابەتی چلوشەشەم:

(ا)- دەزگای قەزای فیدراڵی, پێكدێت لەدادگەكانیدەرەوەی هەرێمی كوردستان بە دادگە پلەیەكەكان و دادگەی تایبەتمەندی تاوانو دادگەكانی تێهەڵچوونەوەو دادگەی پیاچوونەوە كە دوا پلەی دادگەكانە جگە لەوانەی لە دەقی بابەتی چلو چوارەمی ئەم قانونەدا هاتوون.و ئەشكرێت بەپێی قانون دادگەی تری فیدراڵی دابمەزرێتو ئەنجومەنی باڵای قەزا قازییەكانی ئەم دادگەیانە دائەمەزرێنێت, ئەم قانونە شایستەیی پێویست بۆ دامەزراندنی قازیەكان دەپارێزێت كە قانون دیاریی ئەكات.

(ب)- بڕیارەكانی دادگەی هەرێمەكانو دادگە خۆماڵییەكان بەدادگەكانی هەرێمی كوردستانیشەوە بە یەكلاكەرەوە دائەنرێن, بەڵام ئەكەونە بەر پیاچوونەوەی قەزای فیدراڵی وئەگەر پێچەوانەی ئەم قانونە یا هەر قانونێكی فیدراڵی بوون,ڕێوشوێنی ئەم پیاچوونەوەیە بە قانونێك دیاری ئەكرێت.

## بابەتی چلوحەوتەم:

نابێت قازی یا ئەندامی ئەنجومەنی باڵای قەزا لەكاربخرێت مەگەرتاوانباربكرێت بەتاوانێكی ئابڕووبەر یا گەندەڵیی, یاخود تووشی پەككەوتەییەكی هەمیشەیی ببێت, لەكارخستنیشی بە ڕاسپاردەی ئەنجومەنی باڵای قەزاو بەبڕیارێكی ئەنجومەنی وەزیرانو ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی ئەبێت, و لەگەڵ دەرچوونی ئەو ڕەزامەندییە لەكارخستنەكە جێبەجێ ئەكرێت. ئەو قازیەی ئەو تۆمەتانەی درایە پاڵ لە كارائەگیرێت تا سەیری كێشەكەی ئەكرێت كەدروست بووە لەئەنجامی ئەوشتانەی لەم بابەتەدا باسكراون. لە بەرهیچ هۆیەكیش نابێت مووچەی قازی كەم بكرێتەوە یا ڕابگیرێت لە ماوەی خزمەتكردنیدا.

## بەشی حەوتەم

## دادگەی پسپۆڕو دەستە نیشتمانییەکان

**بابەتی چلوهەشتەم:**

(ا)- قـانونی دامەزرانـدنی دادگـەی پسـپۆڕی تـاوان کـە لـە(2003/12/10)دا دەرچـووە بـە پەسـەندکراو دائەنرێتو هەرئەویش بەتەنیا پسپۆڕییورێوشوێنەکانی دەستنیشان ئەکات بە ڕەچاوکردنی ئەو دەقانەی لەم قانونەدا هاتوون.

(ب)- بۆ هیـچ دادگەیـەکی تـر نییـە سـەیری ئـەو کێشانە بکات کەلـە سـنووری دەسـەڵاتی دادگەی پسپۆڕی تاواندایە, تەنیا بەو رادەیە نەبێت کەلە قانونی پێکهێنانی دادگەی پسپۆڕی تاواندا هاتووە.

(ج)- قازییەکانی دادگەی پسپۆڕی تاوان بەپێی دەقەکانی قانونی پێکهێنانەکەی دائەمەزرێنرێن.

**بابەتی چلونۆیەم:**

(ا)- پێکهێنـانی دەسـتە نیشـتمانییەکانی وەك دەسـتەی نیشـتمانیی پـاکیی(النزاهـە) گشـتی,دەسـتەی بـاڵای یەکلاکردنەوەی کێشەکانی خاوەندارێتیی زەویوزارو دەستەی باڵا نیشتمانیی بـۆ ڕیشـەکێش کردنـی بـەعس, بەپەســەند کــراو دائــەنرێت. هــەر دەســتەیەکی پێکهــاتووش دوای بەسەرچــوونی ئــەم قانونــە پەسـەندکراون.وئەنـدامانی ئـەم دەسـتە نیشـتمانییانە دوای بەسەرچـوونی ئـەم قانونـەش درێژەئـەدەن بەکارەکانیان,لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لەبابەتی(پەنجاویەکەم)دا هاتووە.

(ب)- ئەندامانی دەستە نیشتمانییەکان بەپێی قانون دائەمەزرێندرێن.

**بابەتی پە نجایەم:**

حکومـەتی گواسـتنەوەی عێـراق دەسـتەیەکی نیشـتمانی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ پێکئـەهێنێت بەمەبەسـتی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی لەوبارەیەوە لەم قانونەدا ڕوونکراونەتەوە,و لێکۆڵینەوەی سکاڵاکانی تایبەت بە پێشێلکارییەکانی مافـەکانی مـرۆڤ. ئـەم دەسـتەیە بـەپێی پرنسـیپەکانی پـاریس پێکئـەهێنرێت, کەنەتـەوە یەکگرتووەکان دەریکردووە سەبارەت بە بەرپرسیارێتی دامەزراوە نیشتمانییەکان.ئەم دەستەیە نوسینگەیەکی ئەبێت بۆلێکۆڵینەوەی سکاڵاکان, و نوسـینگەکە دەسـەڵاتی لێکۆڵینـەوەی هەیـە بەدەستپێشـخەریی خـۆی یـان بەهۆی ئەو سکاڵایانەی بۆی بەرز ئەکرێتەوە سەبارەت بەوەی ڕەفتارەکانی کاربەدەسـتانی حکومـەت نـاڕەواو پێچەوانەی قانونن.

**بابەتی پە نجاویەکەم:**

نابێت هیچ ئەنـدامێکی دادگەی پسپۆڕ یـان هـەر دەسـتەیەك کـە حکومـەتی فیـدراڵی پێکیئـەهێنێت لـەهیچ پۆستێکی تردا لەدەزگەکانی حکومەت یان دەرەوەیحکومەتدا دابمەزرێت. ئەم قەدەغەیە هەموان ئەگرێتەوە

لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاقانونداناندا، یا فەزایی لەحکومەتی گواستنەوەی عێراقدا، بەڵام ئەندامانی دادگەی پسپۆڕ ئەتوانن لەماوەی کارکردنیان لە دادگە کارەکانیان لە فەرمانگەکانیان هەڵپەسێرن.

## بەشی هەشتەم

## هەرێمەکانو پارێزگەکانو شارەوانیەکانو دەستەخۆماڵییەکان

**بابەتی پە نجاودووەم:**

پێکهاتەی سیستمی فیدراڵی لە عێراق بەشێوەیەك دائەنرێت کە ڕێگربێت لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لای حکومەتی فیدراڵی، ئەو چڕبوونەوەیەی بواری ڕەخساند بۆ بەردەوامبوونی دەیان ساڵیسەرکوتکردن و چەوساندنەوە لەسایەی ڕژێمی پێشوودا. ئەم سیستمە هانی کاربەدەستانی خۆماڵیی هەر هەرێمو پارێزگەیەك ئەدات دەسەڵاتی خۆماڵیی خۆیان پەیڕەو بکەن،و عێراقێکی یەکگرتوو ئەهێنێتە ئاراوە کە هاووڵاتی بەشداریی چالاکانەی کاروباری حوکم بکات و مافەکانی بۆ مسۆگەر بکاتو لەتاکڕەوییش ئازادی بکات.

**بابەتی پە نجاوسێیەم:**

(ا)- دان ئەنرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەك حکومەتیفەرمیی ئەو ناوچانەی کە تا(19ی ئایاری2003)ولە پارێزگەکانی دهۆكو هەولێرو سلێمانیو کەرکوكو دیالەو نەینەوا لەلایەن ئەو حکومەتەوە بەڕێوە ئەبران، دەستەواژەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) کەلەم قانونەدا هاتووە واتە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانو دەسەڵاتی فەزاییهەرێمیی لە هەرێمی کوردستاندا.

(ب)- لە قۆناغی گواستنەوەدا سنووری هەر هەژدە پارێزگەکە بێدەستکاریی، وەك خۆی ئەمێنێتەوە.

(ج)- هەرکۆمەڵە پارێزگەیەك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان کە لە سێ پارێزگە زیاتر نەبن جگە لە بەغداو کەرکوك، بۆیان هەیە لە نێوان خۆیاندا هەرێم پێکبهێنن، و حکومەتی کاتیی عێراقیش ئەتوانێت پێشنیازی میکانیزمی پێکهێنانی ئەو هەرێمانە بکات، بەمەرجێك بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبژێردراو بۆ لێکۆڵینەوەو پەسەندکردنی.سەرەڕای ڕەزامەندی کۆمەڵەی نیشتمانی لەسەر هەر قانونێکی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمێکی نوێ، پێویستە لە ڕاپرسیەك(ڕیفراندۆم)دا ڕەزامەندی دانیشتوانی ئەو پارێزگەیانە وەربگیرێت.

(د)- ئەم قانونە مافە بەڕێوەبەریو ڕووناکبیرییو سیاسیەکانی تورکمانو کلدوئاشورو تەواوی هاووڵاتیانی تر مسۆگەر ئەکات.

**بابەتی پە نجاوچوارەم:**

(ا)- حكومەتی هەرێمی كوردستان بەدرێژایی قۆناغی گواستنەوە كاروبارەكانی ئێستای خۆی بەڕێوە ئەبات, جگە لەوانەی كە بە پێی ئەم قانونە تەنیا ئەكەونە چوارچێوەی تایبەتمەندیی حكومەتی فیدراڵییەوە, خەرجی ئەم پۆستانەش لەلایەن حكومەتی فیدراڵیەوە دابین ئەكرێت بە گوێرەی ئەو ڕێوشوێنەی تا ئێستا كارپێكراوە و بەپێی بابەتی (25-هـ)ی ئەم قانونە. هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەكانی پۆلیسی هەرێم لەژێردەسەڵاتی هەرێمیی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا ئەبن،و مافی سەپاندنی باج ورەسمی هەیە لەناو هەرێمی كوردستاندا.

(ب)- سەبارەت بەجێبەجێكردنی قانونە فیدراڵیەكان لەهەرێمی كوردستاندا، ڕێئەدرێت بە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان بە هەموار كردنی جێبەجێكردنی هەركام لەو قانونانە لەناو هەرێمی كوردستاندا،تەنیا ئەو كاروبارانە نەبێت كە لەبابەتی (25) و بابەتی 34(د)ی ئەم قانونەدا نەهاتوون و تەنیا ئەكەونە چوارچێوەی پسپۆڕیی حكومەتی فیدراڵییەوە.

## بابەتی پەنجاوپێنج:

(ا)- هەر پارێزگەیەك ئەتوانێت ئەنجومەنی پارێزگە و پارێزگەر دابنێت، وئەنجومەنی شارەوانی و خۆماڵیی پێكبهێنێت، هیچ ئەندامێكی حكومەتی هەرێم یا هیچ پارێزگەرێك یا ئەندامی ئەنجومەنەكانی پارێزگە و شارەوانی و خۆماڵیی لەلایەن حكومەتی فیدراڵی یان یەكێك لەبەرپرسەكانی لەكارناخرێت، مەگەر لەلایەن دادگەیەكی پسپۆڕەوە بەپێی قانون تاوانباربكرێت.هەروەها حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆی نیە پارێزگەر یان هیچكام لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگە یا ئەنجومەنی شارەوانی یا ئەنجومەنی خۆماڵیی یا شارەكان لە كار بخات،و هیچ پارێزگەر, و یا هیچ ئەندامێكی ئەنجومەنەكانی پارێزگە و شارەوانی و خۆماڵییەكان لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵیدا نابن تەنیا لەبارەی ئەو دەسەڵاتانەوە نەبێت كە لەبابەتەكانی 25 و 34(د)ی سەرەوەدا هاتوون.

(ب)- پارێزگەرەكان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگەكان لەكارەكانیاندا ئەمێننەوە,تەنانەت لەیەكی تەموزی (2004)یشدا, بەپێی دەقی قانونی حوكمی خۆماڵیی كە چاوەڕێ ئەكرێت دەربچێت ,تا كاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی ئازاد و ڕاستەوخۆ و تەواو بەپێی قانون، مەگەر كەسێك كە پێش ئەو مێژووە خۆی دەست لەكاربكێشێتەوە یا بەهۆی ئیدانەكردنی بەتاوانێكی ئابڕوبەر یا بەتاوانی گەندەڵیی یا توشبوونی بەپەككەوتنێكی هەمیشەییلەكاربخرێت، یان بەپێی ئەم قانونە لە كاربخرێت.لەكاتی لەكارخستنی پارێزگەر یا سەرۆكی شارەوانی یا ئەندامێكی ئەنجومەن، ئەوا ئەنجومەنەكە بۆی هەیە داواكاریی هەر كەسێكی شایستەی دانیشتوی ئەو پارێزگەیە وەربگرێت بۆ پڕكردنەوەی ئەوجێگەیە. مەرجەكانی شایستەییش هەر ئەوانەن كە لەبابەتی (13)ی ئەندامێتی كۆمەڵەی نیشتمانیدا دیاریكراون.ئەبێت كاندیدی نوێ زۆرینەی دەنگەكانی ئەنجومەن بەدەستبێنێت تا ئەو كورسییە چۆڵە وەرگرێت.

**بابەتی پەنجاوشەشەم:**

(ا)- ئەنجومەنی پارێزگەکان یارمەتی حکومەتی فیدراڵی ئەدەن بۆ هاوئاهەنگی لەو کارانەی وەزارەتی فیدراڵی کەلەسنوری پارێزگەیاندا ئەنجامی ئەدات،بە پێداچونەوەی پلانی ساڵانە و بودجەکانی وەزارەت بۆ ئەو چالاکیانەی لە هەمان پارێزگەدا ئەنجامی ئەدات. ئەنجومەنی پارێزگەکان لەبودجەی گشتیی دەوڵەت خەرجییان بۆ دابین ئەکرێت و ئەشتوانن لەڕێی سەپاندنی باج و ڕەسمەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ داهاتی خۆیان زیاد بکەن، و پرۆسەی بەڕێوەبردنی پارێزگەکە ڕێکبخەن، ولەسەر ئاستی پارێزگەکە پرۆژە دابنێن وجێبەجێی بکەن,جا بەتەنیا بێت یا بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وڕێکخراوە ناحکومییەکان,و ئەنجامدانی هەرچالاکییەکی تر کە لەگەڵ قانون گونجاوبێت.

(ب)- ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان و هەر ئەنجومەنێکی پەیوەندیداری تر یارمەتیدەر ئەبن لەئەنجامدانی لێپرسراویەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیدا، بەپێاچونەوەی پلانەکانی وەزارەتی فیدراڵی لە ناوچەکانیاندا ودڵنیابوون لەوەی پلانەکانی بەشێوەیەکی دروست وەلاْمدەرەوەی پێویستی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ناوچانەن، و دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی بودجەی خۆماڵیی لەڕێی ڕێوشوێنەکانی بودجەی گشتیی و کۆکردنەوەی داهاتی خۆماڵیی و وەرگرتنی باج و رەسم و پاراستنیان, و ڕێکخستنی کاروباری بەرێوەبەریی خۆماڵیی و دانانی پرۆژەی خۆماڵیی وجێبەجێکردنیان بەتەنیا یا بەهاوبەشیی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان, و ئەنجامدانی چالاکی تری گونجاو لەگەڵ قانوندا.

(ج)- حکومەتی فیدراڵی چەند دەرفەت هەبێت وبەبەرنامە ڕێوشوێنی پێویست ئەگرێتەبەر بۆ بەخشینی دەسەلاْتی زیاتر بەبەڕێوەبەرێتییە خۆماڵییەکان و هەرێمییەکان و پارێزگەکان ، یەکە هەرێمییەکان و بەڕێوەبەریی پارێزگەکان ,بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە لەسەربنەمای ناناوەندێتیی(لامرکزیە) بەخشینی دەسەلاْت بەبەڕێوەبەرێتیی شارەوانی و خۆماڵییەکان ڕێکئەخرێن.

**بابەتی پەنجاوحەوتەم:**

(ا)- هەموو ئەو دەسەلاْتانەی کە بەتەنیا تایبەتمەندیی حکومەتی گواستنەوەی عێراق نین، ئەتوانرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگەکانەوە پەیرەو بکرێن, بەزووترین کات, و دوای پێکهێنانی دامودەزگای حکومی گونجاو.

(ب)- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگەکان لەسەرتاسەری عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیش لەهەمان کاتدا ئەنجام ئەدرێت و نابێت وادەکەی لە(31ی کانوونی دووەمی 2005) تێپەڕێت.

**بابەتی پەنجاوهەشتەم:**

(ا)- حکومەتی گواستنەوەی عێراق و بەتایبەت دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکایەتی زەویوزارو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر, بەپەلە ڕێوشوێنی پێویست ئەگرنەبەر بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی بەهۆی

رەفتارەکانی ڕژێمی پێشوو ڕوویداوە , لە گۆڕینی دیمۆگرافیای چەند ناوچەیەکی دیاریکراو بە کەرکوکیشەوە لەڕێی کۆچپێکردن و دوورخستنەوەی خەڵکەکە لەشوێنی نیشتەجێبوونیان و لەڕێی ڕاگواستنی زۆرەملێ لەناوەوەی ناوچەکە و دەرەوەیدا و نیشتەجێکردنی خەڵکی بێگانەو نامۆ بەناوچەکە, و بێبەشکردنی دانیشتوان لەکار, و لەڕێی گۆڕینی نەتەوە(تصحیح القومیة)ەوە.وبۆ نەهێشتنی ئەم زوڵمە پێویستە حکومەتی گواستنەوەی عێراق ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێت:

1. سەبارەت بە نیشتەجێ ڕاگوێزراوەکان ودوورخراوەو کۆچپێکراو و کۆچکردووەکان، بەگوێرەی قانونی دەستەی باڵای چارەسەری کێشەکانی موڵکایەتی زەویوزار و ڕێوشوێنە قانونییەکانی تر،پێویستە حکومەت لەماوەیەکی شیاودا ,نیشتەجێکان بگەڕێنێتەوە سەرماڵ و موڵکی خۆیان، ئەگەر ئەوەش نەتوانرا، پێویستە حکومەت قەرەبوویەکی دادپەروەرانەیان بکاتەوە.

2. سەبارەت بەو خەڵکەی گوێزراونەتەوە بۆ ناوچە و شوێنی دیاریکراو , پێویستە حکومەت بەپێی بابەتی (10)ی قانونی دەستەی باڵای چارەسەری کێشەکانی موڵکایەتی زەویوزار لەکێشەکەیان بکۆڵێتەوە, بۆ مسۆگەرکردنی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەیان، یان ئەگەری قەرەبووکردنەوەیان لەلایەن دەوڵەتەوە، یان ئەگەری بەخشینی زەوی تر پێیان لەلایەن دەوڵەتەوە لە نزیك شوێنی نیشتەجێبوونیان لەو پارێزگەیەی لێوەی هاتوون،و یا قەرەبوکردنەوەی خەرجیی گواستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانە.

3. سەبارەت بەو کەسانەی بێبەشکراون لەدامەزراندن یا لە پێویستییەکانی گوزەران تا ناچاریان بکەن لە زێدی خۆیان کۆچ بکەن و ناوچەو زەوییەکانیان بەجێبهێڵن، پێویستە حکومەت هانی ئەوە بدات دەرفەتی نوێی کاریان لەو ناوچە و زەوییانەدا بۆ بڕەخسێت.

4-سەبارەت بە گۆڕینی نەتەوە(تصحیح القومیه)ش، پێویستە حکومەت هەموو ئەو بڕیارەکانی پەیوەست هەڵوەشێنێتەوە و ڕێگە بدات ئەو خەڵکە زیان لێکەوتوە بەبێ زۆرلێکردن و گوشار, مافی خۆیان لەدیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و رەگەزیی خۆیاندا پەیرەو بکەن.

ب. ڕژێمی پێشوو بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی دەستکاریی سنووره ئیدارییەکانی کردووە و گۆڕیونی، بۆیە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و حکومەتی گواستنەوەی عێراق ڕاسپاردە پێشکەشی کۆمەڵەی نیشتمانی بکەن لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە ناڕەوایانە ، خۆئەگەرئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی بەکۆی دەنگ لەسەر چەند ڕاسپاردەیەك ڕێکەوێت، ئەوا پێویستە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ ناوبژیوانێکی بێلایەن دامەزرێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکە و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر ناوبژیوانێك ڕێکەوێت، ئەوا پێویستە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی داوا لەسکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکان بکات کە کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی ناودار بۆ ئەو ناوبژیوانییە دەستنیشان بکات.

(ج)- چارەسەریی یەکجارەکی ئەو زەوییانەی کێشەیان لەسەرە ,بەکەرکوکیشەوە, دوائەخرێت بۆ پاش جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی سەرەوە،و ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی دادپەروەرانە وروون (شەفاف)ی

دانیشتوان، وتا کاتی پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی. پێویستە ئەم چارەسەرە بەشێوەیەك بێت کە لەگەڵ بنماکانی دادپەروەریدا بگونجێت ,و ویستی دانیشتوانی رەسەنی ئەو زەوییانەش لەبەرچاو بگیرێت.

## بەشی نۆیەم

## قۆناغی دوای گواستنەوە

### بابەتی پەنجاونۆیەم:

(ا)-دەستوری هەمیشەیی ئەوە مسۆگەر ئەکات کە جارێکی تر هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ تۆقاندن وسەرکوتکردنی گەلی عێراق بەکارناهێنرێت.

(ب)- پێویستی بەشداریکردنی لەگەڵ وڵاتانی تردا بۆ پاراستنی ئاشتی وئاسایش و قەڵاچۆکردنی تیرۆرلەقۆناغی گواستنەوەدا، هێزە چەکدارەکانی عێراق بەشداری سەرەکی ئەبێت لەو هێزە فرە ڕەگەزەدا کە لەعێراق لەژێر سەرکردایەتیەکی یەکگرتوودا و بەپێی بڕیاری ژمارە (1511)ی ساڵی (2003)ی ئەنجومەنی ئاسایش و هەربڕیارێکی تری ئایندەدا کارئەکات، ئەمەش تا کاتی پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی و هەڵبژاردنی حکومەتێکی نوێ بەپێی ئەو دەستورە.

(ج)- بەگوێرەی پایەی عێراق وەك وڵاتێکی خاوەن سەروەریی,هەرکە حکومەتی گواستنەوەی هەڵبژێردراوی عێراق حوکمی گرتەدەست, دەسەڵاتی هەیە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیی پابەندییانە ببەستێت سەبارەت بە چالاکیەکانی ئەو هێزە فرەڕەگەزەی لەعێراقدا لەژێر سەرکردایەتیەکی یەکگرتوودا کارئەکات بەپێی مەرجەکانی بڕیاری ژمارە (1511)ی ساڵی (2003)ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان و هەر بڕیارێکی تری پەیوەست, کە دواتر ئەنجومەنی ئاسایش دەریئەکات.هیچ شتێك لەم قانونەدا کارناکاتە سەر ئەو ماف و پابەندییانەی کەئەکەوێتە ئەستۆی عێراق بەپێی ئەو ڕێکەوتننامانە یان بەپێی بڕیاری ژمارە (1511)ی ساڵی (2003)ی ئەنجومەنی ئاسایش و هەر بڕیارێکی پەیوەستی تر کە دواتر ئەنجومەنی ئاسایش دەریئەکات سەبارەت بە بەکارەکانی هێزی فرەڕەگەز ,تا ئەوکاتەی ئەم ڕێکەوتننامانە ئەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

### بابەتی شەستەم:

پێویستە لەسەر کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراق ئامادەبکات. ئەم کۆمەڵەیە بەچەند شێوازێك ئەم ئەرکە ئەنجامئەدات لەوانەش هاندانی گفتوگۆ لەسەر دەستور لەرێی کۆبوونەوەی گشتیی ئاشکرا و خولیی لەسەرتاسەری عێراق و لەرێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، و وەرگرتنی پێشنیازی هاووڵاتیانی عێراق لەکاتی نوسینی دەستورەکەدا.

**بابەتی شەستویەکەم:**

(ا)- پێویستە کۆمەڵەی نیشتمانی وەك دوا وادە تا (15ی ئابی 2005)ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی ئامادەبکات.

(ب)- ڕەشنووسی دەستورەکە ئەخرێتە بەردەم گەلی عێراق تا لەڕاپرسییەکی گشتیداپەسەندی بکەن. لەماوەی پێش ئەنجامدانی ڕاپرسیەکەشدا ڕەشنوسی دەستورەکە بەشێوەیەکی فراوان بلاْوئەکرێتەوە تا ڕۆڵەکانی گەل هانبدرێن بۆئەوەی گفتوگۆیەکی گشتیی لەسەر بکەن.

(ج)- کاتێك ڕاپرسیەکە بەسەرکەوتوو دائەنرێت و ڕەشنوسی دەستورەکە پەسەندکراو ئەبێت کە زۆربەی دەنگدەرانی عێراق پەسەندی بکەن و ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگە یا زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.

(د)- کە دەستوری هەمیشەیی لەڕاپرسیدا پەسەندکرا، لەوادەیەکدا کە لە(15ی کانونی یەکەمی 2005) تێنەپەڕێت هەڵبژاردنی حکومەتێکی جێگیر ئەنجامئەدرێت ، و لەوادەیەکدا کە لە(31ی کانونی یەکەمی2005) تێنەپەڕێت, حکومەتی نوێ دەستبەکار ئەبێت.

(ه)- ئەگەر ڕەشنوسی دەستورەکە لەڕاپرسیدا ڕەتکرایەوە، کۆمەڵەی نیشتمانی هەڵئەوەشێتەوە و لەوادەیەکدا کە لە(15ی کانونی یەکەمی 2005) تێنەپەڕێت هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی نوێ ئەنجامئەدرێت.لەو دۆخەشدا کۆمەڵەی نیشتمانی و حکومەتی گواستنەوە نوێی عێراق لەوادەیەکدا کە لە(31ی کانونی یەکەمی 2005) تێنەپەڕێت ئەرکەکانیان ئەگرنە ئەستۆ و بەپێی ئەم قانونە لەکارەکانیان بەردەوام ئەبن، بەلاْم دوا وادە بۆ داڕشتنی ڕەشنوسە نوێیەکە لەوانەیە بگۆڕێت لەپێناو دانانی دەستوری هەمیشەیی بۆ ماوەیەك کە لەساڵێك تێنەپەڕێت. و کۆمەڵەی نیشتمانی نوێ ڕائەسپێردرێت بۆ نوسینی ڕەشنوسێکیتری دەستوری هەمیشەیی.

(و)- لەکاتی پێویستدا, سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی بەرەزامەندیی زۆربەی دەنگی ئەندامان لەماوەیەکدا کە لە(1ی ئابی 2005) تێنەپەڕێت ئەتوانێت بۆئەنجومەنی سەرۆکایەتی دووپاتبکاتەوە کە کاتێکی زیاتر پێویستە بۆ تەواوکردنی ڕەشنوسی دەستورەکە،و لەوکاتەشدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی تەنیا بۆ شەش مانگ, ماوەی نوسینی ڕەشنوسی دەستوورەکە درێژئەکاتەوە وناشبێت ئەوماوەیە جارێکی تر درێژبکرێتەوە.

(ز)- ئەگەر تا (15ی ئابی 2005) کۆمەڵەی نیشتمانی نوسینی ڕەشنوسی دەستورەکەی تەواو نەکرد و داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیەشی نەکرد کە لەبڕگەی ی بابەتی 61(د)ی سەرەوەدا هاتووە، ئەوا دەقی بابەتی 61 (ج)ی سەرەوە جێبەجێئەکرێت.

**بابەتی شەستودووەم:**

ئەم قانونە کارپێکراوئەبێت تا دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی بەپێی ئەودەستورە.